www.kurdistannet.org
18:45 8-4-2006بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هۆی کوژرانی جیهان و منداڵەکەی، تەنها ووشەیەکە!! ... تاڤگە سابیر

ئەوەی مرۆڤ دەبێت لە ئاستیدا هەڵوێستە بکات، و جێگەی سەرسوڕمانە، کوژرانی جیهان و منداڵە نۆ مانگەکەی نێو سکی بوو، بەدەستی هاوسەرەکەی. پرسیار ئەوەیە بۆ؟ هۆکاری کوشتنی چی بووبێت باشە؟ بەڵێ جیهان کوژرا لەسەر یەك ووشە!!کام ووشە؟ ووشەی (ڕووبکەم) ، کە گۆڕاوە بە (ڕووتبکەم) لە ناحاڵی بوونەوە. لەبەر نەفامی حەیدەری هاوسەریەوە، کە بەهەڵە ئەو ووشەیە ڕاسترە بڵێین پیتێك لێکدراوەتەوەو بۆتە هۆی کوشتنی ئەو دوو مرۆڤە!. بەمجبۆرە جیهان بوویە قوربانی جەهالەتی هاوسەرەکەی.
لەوبارەیەوە لە حەیدەرمان پرسی، ئایا پێتوانییە لەسەر ووشەیەك هاوسەری خۆتت کوشتووە، نەدەبوو شتێکی وا ئاسان بێتە هۆی کارەساتێکی لەم جۆرە؟
لەوەڵامدا گووتی: نەخێر چاوەکەم! بەسیت نەبوو، بۆیە گەیشتووەتە ئەو ئەنجامە!. گووتم یانی پەشیمان نیت؟ ووتی: نەخێر لەبەر ئەوەی ئەو ژنە ویستویەتی کەرامەتی من بشکێنێ. لەبەرامبەر ئەوەدا پرسیاری من ئەوە بوو لێی هەر لەبەر یەك ووشە؟ ئەویش ووتی بەڵێ! یەك ووشە گەلێك زۆرە ئەگەر خراپ بەکارهات. ئەمجا دیسان پێم ووتەوە، یانی پەشیمان نابیتەوە، لە کوشتنی ژنەکەت؟ ووتی: نەخێر، لەکوشتنی ئەو ژنە پەشیمان نابمەوە. چەند جارێك جەختم لەسەر کردەوە هەمان پرسیارم دووبارە کردەوە، ووتم تۆ کەسێکت بەناهەق کوشتووە، ئایا هێشتا پەشیمان نیت؟ بەڵام ئەو سور بوو لەسەر کوشتنی وپەشیمان نەبوونەوەی، پرسیارم کرد ئێ باشە، بۆچی کوشتت؟
لەوەڵامدا (حەیدەر) گووتی: ئەی ژن بۆچی باشە بۆ کوشتن نەبێت!. ئەمە دەقی قسەی ئەوە بوو. چونکە بە حیسابی ئەو هیچ تاوانێکی ئەنجام نەداوە. هەروەها ئەفسەرێك لەوێ گووتی، پێم ووتووە: بەر لەماوەیەك پیاوێکی تر هەر لێرە ژنەکەی خۆی کوشتوە، کەچی (حەیدەر) بە شانازییەوە ووتویەتی: ئەو پیاوە کوڕی پیاوە. بەڵام ئەفسەرەکە پێی ووتبوو، نەخێر ئەو وەك تۆ بێ ئەقلێ نەبوو!، بەڵکو لائیرادی (بێ ئاگایانە) فیشەکی لەدەست دەرچووە، هەتا ئێستاش کە لە زینداندایە، بە بەردەوامی بۆ ژنەکەی دەگری.
بۆ چەندین جاری دیکە ووتم: ئایا لە کوشتنی ژنەکەت پەشیمان نیت؟ بەڵام ئەو بە هیچ شێوەیەك پەشیمان نەبوو لەو کارە نامرۆڤانەی کە ئەنجامی داوە. پێم گووتەوە، بۆچی کوشتت؟ ئەویش دەیگووت چونکە ژنەکەم بە منی ووتووە (ڕووتبکەم) . پێم گووت نەخێر تۆ بەهەڵە تێگەیشتوویت! گریمان واشی ووتبێت، ئایا دەبێت لەسەر یەك ووشە بیکوژیت؟
بکوژ ووتی: ئەگەر ژن لەناو مەجلیسدا بە مێردی بڵێت (ڕووتبکەم) ئەی نابێت بیکوژیت!!
ئەوجا ئەفسەرەکە ووتی: کە بردمانە نێو دەرگای بەندیخانە، پرسیارم لێکردەوە، ئەی ئێستاش پەشیمان نیت؟! ئەویش گووتوویەتی: مامۆستا تۆ زۆر عەنتیکەیت! (واتە گاڵتەی بە ئەعەقڵی من دەهات) دیگووت: پیاو چۆن پەشیمان دەبێتەوە.
ئا ئەمەیە عەقڵی پیاو سالاری و کۆنەپەرستی.

سوید ئەپریل 2006